# لەكاتی هەڵواسیندا (سەدام)، زۆر ترسابوو

وەرگێڕانی لە سویدییەوە

ئەحمەد تازەدێیی- سوید




**ئەو وێنەگرەی کە فیلمی ڤیدۆیی لە سێدارەدانی (سەدام)ی دیکتاتۆری گرتووە، دەربارەی ئەو ڕۆژە ئەدوێ کە چۆن (سەدام)، لە دوا کاتی ژیانی ئیتر نەیتوانی چاوەکانی هەڵبێنێ.**
**لە کاتی هەڵواسینی (سەدام)دا، (عەلی ئەلمەسعودی)، تەمەن 38 ساڵ، لە دووری یەک مەتر ڕاوەستاوەو بە ڤیدۆ فیلمی لەسەر دەگرێت. (عەلی)، وێنەگری ڕەسمی حکومەتی عێراقیە، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ، (Newsweek)، دەڵێت، لە پلەو پایەو مەقامیدا ئەمڕۆ گەورەترین ڕۆژە پێیگەشت لەژیانیدا. (عەلی)، لە نزیکەوە فیلمی دەگرێت لە کاتێکدا کە چۆن سەدام بەردەبێتەوەبۆ سەر زەوی و دەمرێت.**
**من بینیم ئەو چۆن ترسی لێ نیشتبوو، لەکاتی هەڵواسینیدا یەکسەر مرد، لەدەورو پشتی بیست کەس ڕاوەستابوو، . بەڵام (عەلی)، نایەوێت باسی ئەو ژوورە بکات کە سەدامی تیادا هەڵواسرا. (عەلی)، دەڵێت، من لە دووری مەترێک ڕاوەستابووم، لە کاتی هەڵواسیندا بینیم چۆن لەشی تەکانی دەداو خۆی ڕادەتەکاند، بەڵام بەهیچ شێوەیەک خوێنم بەرچاو نەکەوت.**
**دوای ئەوەی داوەکە خراوە ملی و ووشەی کۆتایی ئەمە بوو. ئەمە نادادپەروەریە، گەلانی عێراق دەبێت بەرهەڵسی و بەرگری بکەن. سەدام حسێن وتی، عێراق بەبێ من هیچ ناگەیەنێت. بەڵام ئەوان وەک تیرۆریست کردیان بەدارا.**

سەرچاوە
http://www.aftonbladet.se